بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە «١٢٨» ٢٤ی رەزبەری ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، ١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ی زایینی

### بە ناوی خودای گەورە
### پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی رەمەزانی پیرۆزەوە

مانگی رەمەزان مانگی عیبادەت و خواپەرەستی، مانگی بەرەکەت و خۆراگری لە بەرانبەر ئارەزوە نەفسانیەکاندا کۆتایی پێهات.
بەبۆنەی مانگێك عیبادەتی خالیسانە و خۆراگری هاونیشتمانانی کوردی موسڵمان و هاتنی جێژنی رەمەزانی پیرۆز، گەرمترین پیرۆزبایی بە تێکڕای هاونیشتمانانی کوردستان و کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانی سازمانی خەبات، ئەندامان و لایەنگرانی سازمان لە ناوخۆی کوردستان، لە کۆمیتە و ناوەندەکان لە وڵاتانی ئوروپا و لە باشووری کوردستان و زیندانیە سیاسیەکان پێش کەش دەکەین.
بەو هۆمێدەی رژیمی ملهوڕی ولایەتی فەقیەی سەرکوتگەر بە ڕاپەرینی تێکڕایی جەماوەریی خەڵکی ئێران و کوردستان لە ناو بچێ و ئاسوودەیی و ئازادیی باڵ بە سەر کوردستان و ئێراندا بکێشێ و خەڵکی کوردستان بە مافەرەواکانیان بگەن.
لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارەمان

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی ناوەندی ـ ١٩ی رەزبەری ١٣٨٦**

## ئاگادارکردنەوەی تورکیا لەلایەن دەولەتی ئامریکاوە



ڕۆژی یەك شەممە ٢٢ی رەزبەر، "کاندولیزا رایس" وەزیری دەرەوەی ئامریکا لەگەڵ هەوالنێران گوتی: لە پەیوەندیەکی تەلەفونی دا لەگەڵ سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیر و وەزیری دەرەوەی دەولەتی تورکیە، داوام لێکردون کە لە هەر چەشنە کردەوەیەکی سەربازی لە ناوخاکی عێراق خۆبپارێزن. وەزیری دەرەوەی دەولەتی ئەمریکا، دووپاتی کردەوە عێراقیکی دامەزراو لە قازانجی هەموانەو هەر کردەوەیەك کە بێتە هۆی ناسەقامگیری ئەم ولاٌتە، قازانجی سەرجەم ولاٌتانی ناوچە کە و ئامریکاش دەخاتە مەترسیەوە. قسەکانی کوندولیزا رایس لەکاتێکدایە کە دەولەتی تورکیە گەلاٌلەی هێرشی سوپای بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق داوەتە پارلەمان و بریارە پارلەمانی تورکیە، لەم حەوتووە دا لە سەر ئەو گەلاٌلەیە بریار بدات.

## لە سێدارەدانی دوو کەس لە شاری سنە



بە پێی هەواڵێ کە لە شاری "سنە" ، رۆژی چوارشەممە ١٨ی رەزبەر، رژیمی ئاخوندی ، ٢ کەسی لەو شارە ئێعدام کردوە. "کیومەرس و نادری محەمەدی" کە چەند مانگ لەمەوبەر بە تاوانی کوشتنی بەکرێگیراوێکی رژیم بە ناوی "ناسری بیگلەری" گیرابوو، لە لایەن رژیمەوە ئیعدام کران و تەرمەکانیان نەدراوەتەوە بەکەس و کاریان. لە لایەکی دیکەوە، وەزارەتی ئیتلاعاتی رژیمیش، هەرەشەی لە بنەماڵەی "کیومەرس و نادری محەمەدی" کردوە کە مافی بەرێوەچوونی پرسەیان نیە و ئەگەر هەر جۆرە رێورەسمێکیان بۆ بگرن سزا دەدرێن.

## هێرشی تۆپخانەی تورکیە بۆسەر خاکی کوردستانی عێراق



شەوی شەممە و سەر لە بەیانی یەك شەممەی ٢٢ی رەزبەر، ئەرتەشی تورکیە هێرشی تۆپ خانەیی کردە خاکی کوردستانی عێراق.
"نزدور" لە پارێزگای دهۆك کەوتۆتە بەر هێرشی تۆپ خانەی سوپای تورکیە، بەلاٌم لە رادەی قوربانیان و زەرەر و زیانی ئەم هێرشە هەوالێك بلاو نەبۆتەوە. جێگای باسە ئەم هێرشانەی ئەرتەشی تورکیە لە حالێکدایە کە دەولەتی ئەو ولاٌتە هەروا درێژە بە هەرەشەکانی سەبارەت بە هاتنی ئەرتەشی تورکیە بۆ ناو هەرێمی کوردستان دەدا.

## ئەمریکا : سەفیری ڕژیمی ئێران لە بەغدا، ئەندامی هێزی قودسە



فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەڵێ: سەفیری ڕژیمی ئێران لە بەغدا ئەندامی هێزی قودسی سپای پاسدارانە. ژەنراڵ دیوید پتراوس، فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە بنکەیێکی هێزەکانی ئەمریکا لەنزیك مەرزی ئێران عێراق، جارێکی دیکە ڕژیمی ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە پەرەبە توندو تیژی دەدا لە عێراق دا. ژەنراڵ پاتریوس وتی کە ڕژیمی ئێران چەك و پووڵ دەدا بە تاقمە چەکدارەکان و باریان دەهێنێ و لەزۆر شوێن دا ڕاستەخۆ چاودێری کردەوەکانی کردوە کە بۆتە هۆی کوژرانی سەربازە ئەمریکاییەکان. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ڕوتێرز، پاتریوس وتوویە: شك لەوەدانیە کە ڕژیمی ئێران پێوەندی هەیە بەو تاقمانەوە کە دەستیان هەیە لەکوشتنی سەربازەکانی ئەمریکادا. ژنراڵ پاتریوس ووتی کە حەسەنی کازمی قومی، سەفیری ڕژیمی ئاخوندی لە بەغدا ئەندامی هێزی قودسی سپای پاسدارانە بەلاٌم ئێستا پلەی سەفیری لە ئەستۆیە. هێزی قودس شاخەیێکی سەرەکیە لە سپای پاسداران و تاوانبارە بەوەی کە چەك و چۆڵ دەدا بەهێزەکانی حیزب اللەی لوبنان و حەماس لە غەزە. فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەستێوەردانەکانی ڕژیمی ئێران و هەڵسوورانی هێزی قودس لە عێراق دا دووپات کردەوە و لیستەیێکی ئەو چەکانەی کە بەشێوەی قاچاخ ڕژیمی ئاخوندی دەیداتە تاقمە چەکدارەکان خستەڕوو. هەر لەو پێوەندەدا وتی بە چەکی وەك نارنجۆکی خومپارەیی پێشکوتوو، سەکۆی هاویشتنی مووشەکی بەرگری ئاسمانی وەك ئیسترینگر و خومپارەی ٢٤٠ میلی میتری ئیشارەی کرد، ووتی جیاواز لەوانە مەوادی تەقینەوەی بەهێزیش دەنێرێتە عێراق. ژەنراڵ پاتریوس ڕایگەیاند تەتەرێکی ڕژیمی ئێران لە کوشتنی دو فەرمانداری عێراقی لەباشوری ئەو وەلاٌتە لەمانگی ئووت دا دەستی هەبووە کە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی قەراخی ڕێگا کوژراون. ناوبراو وتی ئەو مەوادە بەهێزە تەنیا لە ئێرانەوە دێتە عێراقەوە و لەلایەن تاقمە چەکدارەکانەوە بەکار دەهێنرێ.

## مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا، دەنگی بە تڕۆریست بوونی سوپای پاسداران دا




مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا بە زۆرینەی ٣٩٧دەنگ، سپای پاسدارانی رژیمی ئاخوندی بە ترۆریست ناساند و تەنیا ١٦ کەس بە پێچەوانەی زۆرینە دەنگیان دا. بە ترۆریست ناسینی سپای پاسداران لەلایەن مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا، رژیمی ئاخوندی زیاتر دەخاتە تەنگژەوە و هەل و مەرجەکان بۆ دەسەلاٌتی ئاخوندەکان نا لەبارتر دەکا. لە بەشێك لەو گەلاٌلەی کە لەلایەن مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکاوە پەسەند کراوە، شیرکەتە خارجیەکان کە لە ئێران سەرمایە دەخەوێنن و بەتایبەت لە پیشەسازی نەوت و گاز کار دەکەن، کۆمەگەکانی دەوڵەتی ئەمریکا نایان گرێتەوە. هەروەها هاوکاری ناوکەیی ئەمریکا وەلاٌتانێك کە یارمەتی بە گەلاٌلە ناوکەییەکانی رژیمی ئاخوندی دەکەن قەدەغەیە. لەو گەلاٌلەی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا داوا لە دەولەتی ئەمریکا کراوە، دەوڵەت و شیرکەتە خارجیەکان هان بدات پووڵ و سەرمایەکانی خۆیان لە ئێران بەرنەدەر.

### بە ناوی خوداوەندی بەخشندەی میهربان

هاونیشتمانانی بەرێز
ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی سازمانی خەیات ی کوردستانی ئێران.
بەبۆنەی هاتنی جێژنی رەمەزان، گەرمترین پیرۆزبایی تان پێش کەش دەکەم.
جێژنی رەمەزان لە دوای مانگێك خۆراگری لە بەرانبەر برسیەتی و تونیەتی و مانگێك عیبادەتی بەردەوام، و جێ بە جێ کردنی ئەرکە ئیسلامیەکان، مژدە بەخشی سەرکەوتنە لە تێکڕای بارەکانی ژیان بۆ مرۆڤە خاوەن باوەر و خۆراگرەکان و تێکۆشەرانی رێگەی ئازادی، پێشمەرگە قارمانەکان و زیندانیانی سیاسی و جەماوەری کوردستان بە تێکڕا.
بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرم بە کەس و کاری شەهیدانی سەربەرزی سازمانی خەبات، ئەندامان و لایەنگرە دڵسۆزەکان لە ناو خۆی کوردستانی ئێران و لە دەرەوەی کوردستانی ئێران پێشکەش دەکەم، هومێدوارم، بە فیداکاری و کاری بەردەوام و برایەتی بتوانین جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان بەرەو پێش بەرین و هەروەها سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، رێبازی خاوێن و نیشتمانیی بەرەو گەشە سەندن و سەرکەوتنی زیاتر رێنونی بکەین.
لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارەم

**بابەشێخ حسینی**
**سکرتێری گشتی**
**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**
**١٩ی رەزبەری ١٣٨٦**

## کوشنر: تەحریمەکانی سەر رژیمی ئێران دەبێ بەردەوام بێ



ڕۆژی شەممە یەکی ئۆکتوبر وەزیری دەرەوەی فرانسە داوای کرد هە نگاوە کانی وەلاٌتانی ئوروپایی بۆ ئابلۆقەی زیاتر لەسەر ڕژیمی ئێران خراپتر بکرێ. کوشنر وەزیری دەرەوەی فەرانسە زیادی کرد کە وەلاٌتانی ئوروپایی بۆ ڕێگە گرتن لە هەڵسوورانی ئەتۆمی ڕژیمی ئێران زۆر جیددین. وەزیری دەرەوەی فەرانسە وتی ئەگەر رژیمی ئێران دەستی بەچەکی ئەتومی بگا وەزعی رۆژ هەلاٌتی ناوە راست وئالۆزتردەبێ. هاوکات ئەمریکا وئوروپا لەگەل تەحریمەکانی ئەنجومەنی ئاسایش ، لە لایان خۆیانەوە ئابلۆقەی زیاتر دەخەنە سەر ڕژیمی ئێران. فەرانسە خوازیاری ئابلۆقەی رژیمی ئێرانە و رۆژی هەینی وەزیر کوشنر وتی کە ئەو مەوزوعە لە کۆبونەوەی داهاتووی وەزیرانی دەرەوەی وەلاٌتانی ئەندام لە یەکێتی ئوروپا کە رۆژی ١٥ ئوکتبر دەگێری دەخاتە بەرباس.